هونەرمەند کەژاڵ ئادەمی بۆ بارزان

# ئەو یادگارییانەی عیشق لای من دروستی کردووە، هەموویان جوانن و ئازارەکانیشیم خۆشدەوێت



**دڵشاد رەزا چوچانی**

" من مرۆڤێکم هەمیشە عاشق" ئەو وەک خۆی دەڵێت هەمیشە عاشقە، بەڵام هەمیشە بە روویەکی پڕ لە خەندەوە لە ژیان دەڕوانێت، وەک ئەوەی چاوەڕێی ئومێدێکی دورتر بێت لە ئێستا، کە هێدی هێدی لێینزیک دەبێتەوە، کەژاڵ لەگەڵ ئەوەی هونەرمەندێکی گۆرانیبێژە، بەڵام لە رووی موزیکەوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی خوێندوویەتی و هەمیشە خەریکی شیعر نووسینیشە.

ئەو لەم دیمانەیەدا دڵی خۆی لەسەر زۆر بوار دەکاتەوە و باسی هەندێک لە ئاواتەکانی خۆی دەکات، ئەو ئاواتانەی وەک خۆی دەڵێت" بەداخەوە هیچ کامیان تا ئێستا نەهاتوونەتەدی"، کاتێکیش باسی لەو شێوە عیشقە دەکات کە لە دڵیدا هەیە، دەڵێت" من عاشقی عیشقم، عاشقی ئازادی و مرۆڤایەتیم" پێشیوایە کەوا " ئەو یادگارییانەی عیشق لای من دروستی کردووە، هەموویان جوانن، بگرە ئازارەکانی عیشقم پێجوانە و خۆشم دەوێن".



کەژاڵ ئادەمی، لە ساڵی 1983 لە شاری سەقزی کوردستانی رۆژهەڵات لە دایک بووە و لەساڵی 1998 رووی لە وڵاتی سوێد کردووە و تا ئێستاش لەوێ نیشتەجێیە، وەک خۆی دەڵێت" لە تەمەنی 15 ساڵیدا دەستم بە ژەنینی ئامێری کەمان کردووەو لەقوتابخانەی موزیکی(سەبا) دەستی بە خوێندنی موزیک کردووە لە رووی تیۆرییەوە"، یەکەمین ئەلبوومی گۆرانی، لە ساڵی 2006 بڵاو کردۆتەوە بە ناوی جوانترین وشە، کە شەش گۆرانییە و تێکڕای هەڵبەستەکانی ئەو ئەلبوومە، هی خۆیەتی و ئاوازی هەر 6 گۆرانییەکەش" مامۆستا عەلی شەکوری دایناون".

کەژاڵ پێیوایە هونەری کوردی بەرەو پێشچووە، بەڵام نیگەرانە لەوەی کە هێشتا هونەری کوردی نەیتوانیووە " جێگای خۆی لە هونەری جیهانیدا بدۆزێتەوە"، کەژاڵ ئادەمی وەک خۆی باسی دەکات، لە رووی تیۆرییەوە موزیکی خوێندووە، بە پێچەوانەی ئەو رایانەی کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن" موزیک موڵکی نەتەوەیەک نیە"، پێیوایە هەموو نەتەوەیەک بۆ خۆی مالیکی شێوازێک لەکولتوورو هونەر و مۆسیقایە، لە بارەی موزیکی کوردیشەوە دەڵێت" مۆسیقای نەتەوەی من نوێنەری شێوازی ژیان و بارودۆخی کۆمەڵگەو مێژووی نەتەوەکەمە. کەواتە کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی دنیا، مۆسیقاو هونەری تایبەت بەخۆی هەیە"، بەڵام رەخنە لەو کارە هونەرییانەی ئێستا دەگرێت و پێیوایە لەم ساڵانەی کۆتایدا رەسەنایەتی لە مۆسیقای کوردیدا کاڵ بۆتەوە، ئەو هەڵوەستەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەکات و دەڵێت" مۆسیقای ئێمە توشی سەرلێشێواوی بووەو هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێمە زۆرجار لەژێر ناوی نوێکاری یاخود مودێرنیزە، رووومان کردۆتە مۆسیقای نەتەوەکانی دیکە. مۆسیقای کوردی لە ئەمڕۆدا، بە قۆناغێکی هەستیارو نەشیاودا گوزەر دەکات".

کەژاڵ وەک کەسێکی ئەکادیمی لە بواری موزیک دەپەیڤێت، کە بە بڕوای ئەو لە ناو هونەری کوردیدا، هەندێک هونەرمەند توانیویانە، لە رووی ئەکادیمییەوە کارە هونەرییەکانیان بکەن، بەڵام نیگەرانە لەوەش کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، لە زۆر لایەنەوە زیانی بە موزیک گەیاندووە، کەژاڵ لەو بارەوە دەڵێت" بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆژیا لەگەڵ هەموو ئەو سودانەی کە هەیەتی، بەداخەوە بۆتە هۆی ئەوەش، کە هەر کەسێک زانیارییەکی کەمیشی لەبواری مۆسیقادا هەبێت، بە ئاسانی دەتوانێ بەیارمەتی سەدان بەرنامەو پرۆگرامی کۆمپیوتەری، ببێتە خولقێنەری بەرهەمێکی مۆسیقایی" هۆشداری ئەوەشیدا کەوا" هەموو ئەوانەی کە لەبواری هونەردا چالاکن، دەبێت هوشیار بین چونکە بەڕاستی، نەبوونی زانیاری ئاکادیمی، بە دڵنیاییەوە دەتوانێ ببێتە هۆی پاشەکشەی مۆسیقای کوردی"، رێگرییەکانی بەردەم ژنی کورد بۆ ئەوەی کە لە بواری هونەرییدا خۆیان ببیننەوە، گەڕاندەوە بۆ دوو لایەن، لایەنێکیان وەک ئەو وتی" کۆمەڵگای کوردەواری، لەسەر یاسای پیاوسالاری بوونیاتنراوەو ئەو بوارە بە ژن نادرێ، ئەو جۆرەی پێویستە لەبواری هونەریدا بێتە مەیدان"، لایەنی دووەمیشی گەڕاندەوە بۆ کاریگەری ئاین بەسەر کۆمەڵگەی کوردییەوە وتی" لەشەرعی ئیسلامدا مۆسیقا حەرامە، هەم بۆ ژن هەم بۆ پیاو، جا لەگەڵ ئەوەی ئێمەی کورد بیروباوەڕی مەزهەبییمان هەیە، دیارە بۆمان دژوارە رێگا بدەین ژنەکانمان لەمجۆرە بوارانەدا چالاک بن".

کەژاڵ ئادەمی کە ئێستا لە زانکۆی ستۆکهۆڵم، خەریکی خوێندنی مێژووی موزیک و کاریگەری موزیک و سیاسەت لەسەر یەکتری، باس لە ژیانی تایبەتی خۆی دەکات، وەک خۆی دەڵێت" زۆربەی کاتەکانم تەرخان کردووە بۆ مۆسیقا و شیعر نووسین"، پێشیوایە گەورەترین رێگر لەبەردەمیدا ئەوەیە کە ئافرەتە و لە رەگەزی مێینەیە، چونکە وەک کەژاڵ دەڵێت" ژنی هونەرمەند زۆرجار بەچاویلکەی رەخنەوە چاوی لێدەکرێت. هیوادارم رۆژێک بتوانین خۆمان لەداوی هەموو ئەو شتانەی رێگری گەشەکردنمانن ئازاد بکەین".

کەژاڵ لە سیمایدا هەمیشە ئاواتگەلێک بەدیدەکرێت خۆشی دەڵێت" خەون و ئاواتەکانم زۆرن"، بەڵام وەک هەمیشە زۆرینەی خەون و ئاواتەکانی لە ناخیدا حەشار دابێت وتی"هەندێک ئاواتی خۆمتان بۆ باس دەکەم"، کەبە نیگەرانییەکی زۆریشەوە وتی" بەداخەوە هیچ یەک لەم ئاواتانەم هێشتا نەهاتوونەتەدی، بە هیوای ئەو رۆژەم بەم ئاواتانەم بگەم"، ئەو خەون و ئاواتانەی ئەو باسی کرد، کۆمەڵێک ئاواتی گشتی بوون، کە ئەویش وەک مرۆڤێک هەیەتی، کەژاڵ وتی" ئاواتم ئەوەیە رۆژێ بگەڕێمەوە کوردستان و هۆنراوە و بەرهەمەکانم لەوێ پێشکەشی جەماوەر بکەم، ئاواتم ئەوەیە رۆژێک بێت لەگەڵ گەورەترین ئۆرکستراکانی دنیا، مۆسیقای نەتەوەکەم بە هەموو خەڵکی دنیا بناسێنم، ئاواتیشم نەمانی شەڕە لە دنیادا".

# یەکەم(رۆک)ی کوردی لە هەکاری دامەزرا

**ئا: سابیر محەمەد**

لە شاری هەکاری پێنج ساڵ پێشی ئێستا چوار گەنجم بە ناوی فەرەج گروپێکی (رۆک) یان پێکهێنا، ساڵی رابردوو بۆ یەکەم جار لە ئەستەمبوڵ کۆنسێرتێکیان سازکردووە.

فوئاد تاشی گۆرانی بێژی گروپەکە دەڵێت: هەوڵماندا لەرێگای میوزیکی (رۆک) تێڕوانینی هەکاری بە جیهان بناسێنین و ئەمە یەکەم گروپی(رۆک)ی کوردیە دامەزراوە، و لەم رۆژانەدا ئەلبوومێکی نوێ گروپەکەمان دەردەکەوێت. بە بۆچوونی من جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان هەکاری و ئەستەمبوڵ دانیە و لە هەکاریشدا هەموو جۆرە میوزیکێک هەیە و



گەنجان گوێی لێ دەگرن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەکاری شارێکە هەموو جۆرو رەنگ و رەگەزەکان تێدا دەژین و دانیشتوانی هەکاری بە داب و نەریت و جل و بەرگ و میوزیکی خۆیان دەربڕین لە خۆیان دەکەن و هیچ کۆسپ و گرفتێکیش لەبەردەم پێشکەوتنی مرۆڤ لە هەکاریدا نییە

## فوئاد تاشی: لە هەکاری هەموو شتێکی جوان هەیە بۆیە دەکرێ میوزیکی رۆکیش هەبێت

مەبەست وئاواتی ئێمە هەمووی ئەوەنیە کەئێمە کوردین بەڵکو مرۆڤایەتیمان لە پێش هەموو شتێک داناوە.

هەروەها فوئاد تاشی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: لە هەکاریدا هەموو شتێکی وەکو خۆشەویستی گفتوگۆ، نەخۆشی بێویژدانی و هەژارانی تێدا هەیە، بۆیەش زۆر زیاتر چێژ لە خۆشیەکانی ژیان وەردەگرین، هەکاری تاوەکو ئێستا زۆر کەسی لێ ئاوارە بووە و خەڵک هاتونەتە نێوی و لێی دەرچووینە، بەڵام هیچ کاریگەری لەسەر شارەکە و رەنگەکانی نەکردووە. ئەو چوارکەسەی لەو رۆکەدا کاردەکەن هەر یەکێکیان سەر بە عەشیرەتێکن، ئەم گروپە بە خۆشیان نازانن چۆن خۆشەویستیان بۆ میوزیکی رۆک لەلا پەیدابووە و نازانن کەی یەکەم جار بووە کە گوێیان لە میوزیکی رۆک گرتووە، بەڵام زۆر بە گروپەکانی ماتالیکا و رامستێن سەرسامن و کاریگەرن، فوئاد دەڵێت: پێنج ساڵ پێش ئێستا ئێمە ئەم گروپانەمان نەدەناسی و کە یەکەم جار ئەم گروپەمان دروستکرد نەمان دەزانی کە میوزیکی رۆکە، بەڵام دواتر خەڵک بەخۆیان ئەم ناوەیان لەسەر نان.

فوئاد تاشی دەڵێت: گۆرانیەکانمان بە زۆری دەربڕین لەرووداوەکانی ژیان دەکەن، بۆ نموونە لە گۆرانیەکدا کە بەناوی ژیان ە، دەڵێم:(من نەپەرەیە کو د رێیاتەدا بکەم گول، نەتەسەرتەدا بکەم گورەگوڕ ئەز حەز دکەم ئەزو تو ب هەڤرا بین دۆست...)




# لە یادی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی



**خەلیل یابە کەریم**

کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی - هەولێر بە بۆنەی یادەوەری سی و شەش ساڵەی دامەزراندنی لە ئێوارەی رۆژی چوارشەممەی رێکەوتی 12 11- - 2008 بە هاوکاری و پشتگیری پارێزگای هەولێر و بە ئامادەبوونی بەرپرسە حزبی و حکوومییەکان و جەماوەرێکی زۆر، لە ژێر دروشمی بەرە و زیندووکردنەوەی مێژوو و کەلتووری نەتەوایەتیمان و بە چاودێری بەڕێز پارێزگاری هەولێر، ئاهەنگێکی جەماوەری قەشەنگی سازکرد، کەتیایدا چەندین برگە و بابەتی لەخۆ دەگرت، سەرەتا ئاهەنگەکە بە دەقیقەیەک وەستان و فاتیحە خوێندن بۆ گیانی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد دواتر، وتەی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی بەڕێز هونەرمەند تەلعەت سامان سەرۆکی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵە خوێندرایەوە، کە باسی لە گرنگی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە کرد و هەلومەرجی ئەوسا کە لە 1972/7/13 دامەزرا، لەم بەرواراە تاکو ئێستا کۆمەڵە چەندین چالاکی هونەری و ئەدەبی ئەنجام داوە، لە ناخۆشترین کات و باری سیاسی لە سەردەمی دیکتاتۆریەت ئەم کۆمەڵە کۆڵی نەداوە و قەلایێکی چۆڵایین بووە بۆبیروو هزری نەتەوایەتی ونیشتمان پەروەری و قوتابخانەیەک بووە بۆپێگەیاندنی بەهرەی هونەری و ئەدەبی سەرۆکی کۆمەڵە باسی قۆناغەکان و مێژووی ئەم کۆمەڵەی کرد لە هەموو روێکی هونەری و ئەدەبی سیاسی کە مایەی فەخرو شانازیە تاکو ئێستا بەروحیەتی جاران بەردەوامە دواتر ئاهەنگەکە بەم جۆرەیە دەستی پێ کرد کە بریتی بوو لە بەشداربوونی لقەکانی کەرکووک و رەواندز و هەڵەبجەی شەهید و خانەقین کە هەر یەک لەم لقانە بەرنامەی خۆی هەبوو، ئەوەی جێی ئاماژەکردنە جگە لە ئاهەنگێکی میوزیک و گۆرانی مەڵبەندی گشتی کۆمەڵە و هەرچوار لقەکە بەهاوبەشی دوو پێشانگایەی لە گەلەری میدیا کردەوە، جەماوەرێکی زۆر سەیریان کردو پێی سەرسام بوون، ئینجا پاشان ئاهەنگەکە دەستی پێکرد.

بەرنامەی ئاهەنگەکە سەرەتا تیپی میوزیکی کەرکووک هاتنە سەرشانۆ کە بریتی بوون لەو میوزیک ژەنانە.

1 -عەباس جەمیل جێما و سەرۆکی کۆمەڵە سەرپەرشتیار
2 -نورەدین ئیبراهیم ئەحمەدکەمان
3 -خالید عەلی ئەحمەد کەمان
4 -هێمن سەباح محەمەد چەلۆ
5 -سەعبدڵلا سالح محمەد نای
6 -حوسێن محەمەد حەمید ئیقاع
7 -سەباح محەمەد حەمیدعود
8 -سەباح فەقی رەشیدئیقاع
9 -عەدنان کەمال محەمەد سەنتور
10 - سیروان عومەر عیزەت گۆرانی بێژ
11 - ئومێد بەهادین محەمەدگۆرانی بێژ
12 - حەسەن محەمەد غەریبگۆرانی بێژ

ئەم تیپە ئەم سێ گۆرانی بێژەی بەشێوەیەکی جوان نمایشکرد بە تایبەتی کە گۆرانیەکەی قادر مەردان پێکەشکرا بە ناوی (بێ ئومێدی) کە جەماوەری هەژاند، هەروەها چەند گۆرانیەکی تر سەرنجی جەماوەر ومیوانانی ڕادێت و بووە جێگەی رەزامەندی ئاهەنگ گێڕان.

دواتریش تیپی مۆسیقای کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی رەواندز هاتنە سەر شانۆ کەبریتیبوو لەم مۆسیقاژەن و گۆرانی بێژانە:

1 -زرار محەمەد مستەقا سەرۆکی لق سەرپەرشتیاری تیپ
2 -یوسف عومەر یوسفئۆرگ
3 -عەزیز شاکر ساز
4 -رێباز سەرباز عود
5 -موخلیس سەید جەبارجمبش
6 -فازیل ئیبراهیمکلارنیت
7 -کەیوان عەبدولکەریمکەمان
8 -پشتیوان جەمالکەمان
9 -رزگار سەبریکەمان
10 - هەژار عەولا حوسێنکەمان
11 - رێبین محەمەدئۆرگ
12 - شوان عەبدوڵلاگیتار
13 - زەینەل خەیریگیتار
14 - حەسەن رەسولئیقاع
15 - میرەگۆرانی بێژ
16 - وەلید دۆسکی گۆرانی بێژ
17 - جەرجیس چۆمانی گۆرانی بێژ

شایانی باسە هونەرمەندی بە توانا ئامانج غازی رێبەرایەتی ئەم تیپەی کرد تاکو هەرسێ گۆرانی بێژ بەرهەمەکانی خۆیان پێشکەش کرد، ئەوەی جێگای خۆشحاڵی جەماوەر بوو، هونەرمەند جەرجیس چۆمانی بەسەر کەوتوویی گۆرانیەکانی هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەک چڕی کە بووە چەپڵە رێزان لە ناو هۆڵی میدیا، هەروەها سەبارەت وەلید دۆسکی و میرە جەماوەر لەگەڵ گۆرانیەکان ئاوێتە بوون و تەفاعولیان کرد.

پاشان تیپی مۆسیقای کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی هەڵەبجەی شەهید هاتنە سەر شانۆ لە ناو چەپڵە رێزانی جەماوەر کە بریتی بوون لەو هونەرمەندانە:

1 -نەژاد کامیل سەرۆکی لق سەرپەرشتیار
2 -یاسین عەلی کەمان
3 -رێباز سادق کەمان
4 -جیهانگیر جەلالسەنتور
5 -کرمانج جەلال سەنتور
6 -رەوەند ئەمین حەمەلاوکیبۆرد
7 -فازیل محەمەد عود
8 -شاهۆ بابانباڵەبان
9 - کاوە نوری گۆرانی بێژ
10 - سیروان لهۆنیگۆرانی بێژ
11 - یونس هەورامیگۆرانی بێژ
12 - مەهدی ئیبراهیمگۆرانی بێژ

شایانی باسە گۆرانی بێژانی ئەم لقە کە لەناوچەی هەورامان پەروەردە بووینە زۆر کاریگەرن بەهونەری ئەم ناوچەیە، بۆیە گۆرانی بێژەکان گۆرانیەکانیان لە ناخی ئەم ناوچەیە هەڵقوڵا بوو، بۆیە جەماوەریان هێنابووە جۆش و خرۆش.

پاش ئەم چالاکیە هونەرییە، 36 مۆم هاتە داگیرساندن لە لایەن هونەرمەندانی ئامادەبوو، کە ئاماژە بوو بۆتەمەنی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی - هەولێر پاش ئەم چالاکیە شکاندنی کێکی ئامادەکراو بەم بۆنەیە لەلایەن هونەرمەندان و بەرپرسانەوە و دابەشکردنی لەسەر ئامادەبوان، دواتر نۆرەی تیپی مۆسیقای کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی خانەقین هات کە بریتی بوو لەو مۆسیقا ژەنانە:

1 -موعتەسەم رەزا عەبدوڵلا سەرۆکی لق گۆرانی بێژ
2 -عەبدولسەلام حوسێن حەسەنئۆرگ
3 -عەباس حەمید مەحمودکەمان
4 -فاخیر عەبدوڵلا عەلیساز
5 -فەتحوڵلا سەیفڵلانای
6 -عەلی حوسێن حەسەنںای
7 -فەریق کەریم محەمەدزەرب
8 -هەڤاڵ محەمەد میرزاگۆرانی بێژ
9 -دڵشاد غازی عەبدوڵلاگۆرانی بێژ

کە گۆرانی ئەی خانەقین لە لایەن هونەرمەند موعتەسەم رەزا بەشێوەیەکی جوان سەرکەوتوو پێشکەشکرا بووە چەپڵە رێزان لە ناو هۆڵی میدیا، هەروەها چاوەڕاستەکەم، لەگەڵی بووە شایی و هەرا، هەروەها چەند گۆرانیەکی تر پێشکەش کرا.

دوا بەدوای چالاکی لقەکان، کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی دەستی بە چالاکی خۆی کرد و تیپەکەی هاتە سەر شانۆ کە بریتی بوو لەم هونەرمەندانە:

1 - ئازاد قەرەداغی جۆزە
2 - سامان محەمەد سەنتور
3 - سداد خدرعود
4 - موخلیس حەسەنئۆکۆردبۆن
5 - هاوکار مەسعودباڵەبان
6 - سیروان حوسێنزەرب
7 - خدر خۆشناو گۆرانی بێژ
8 - پەروین شازادە گۆرانی بێژ
9 - رەمەزان حوسێنگۆرانی بێژ

لەبەر ئەوەی ئەم گۆرانی بێژانە ناسراون لەلایەن جەماوەرەوە کە هاتنە سەر شانۆ و گۆرانیان چڕی ئامادەبوان دەستیان بەشایی و هەڵپەرکێ و چەپڵە رێزان کرد، ئەم ئاهەنگە بەسەرکەوتوویی پێشکەش کرا چەندین چەپکە گوڵ لەلایەن رێکخراوی هونەرمەندان و رێکخراوە جەماوەرییەکان بەبۆنەی ئەم یادەوەریە پێشکەش بە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی هەولێر کرا، بەم جۆرە جەماوەر کاتێکی خۆشیان لەگەڵ ئەم ئاهەنگە بەسەر برد.